ڕازیبوونی دایک وباوک هۆکارە بۆ ڕازیبوونی خوای گەورە، وتوێژەبوونی دایک وباوک هۆکارە بۆ توێژەبوونی خوای گەورە

لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ڕازیبوونی دایک وباوک هۆکارە بۆ ڕازیبوونی خوای گەورە، وتوێژەبوونی دایک وباوک هۆکارە بۆ توێژەبوونی خوای گەورە».
[حەسەن لغیرە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە پەیوەندی ڕازیبوونی خوای گەورە بە ڕازیبوونی دایک وباوکە باسدەکات، واتە ئەگەر دایک وباوکی چاک ڕازی بن لە ڕۆڵەکانیان ئەوا خوای گەورەیش لە ڕۆڵەکەیان ڕازی دەبێت، وئەگەر دایک وباوکی چاک لە ڕۆڵەکەیان توێژەبن بەهۆی ئەوەی ڕۆڵەکەیان لادان وشتی ناڕەوا ئەنجامدەدات یان بەرامبەریان خراپە؛ ئەوا خوای گەورەیش لەو ڕۆڵەیە توێژە دەبێت بەهۆی خراپبوونی بەرامبەر دایک وباوکی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5361